# هەواگیری و ئاسایش دەستگیرکردنی چەند داواکراوێک و بازرگانانی ماددەی هۆشبەری ڕاگەیاند

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواگری و ئاسایش، دەستگیرکردنی چەند داواکراوێک، کە دیارترینیان بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکانن، لە چەند پارێزگایەك ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتیەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: بەپێی زانیاری وردی هەواگری، مەفرەز مەیدانییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواگری و ئاسایشی وەزارەتی بەرگری، توانیان ژمارەیەك کەس دەستگیربکەن کە لەلایەن دادگاوە بە تەمەتی جیاجیا داواکراون، لەنێویاندا بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان.

ئاماژەی بۆشکرد: ئەو کەسە داواکراوانە لە چەند پارێزگایەك دەستگیرکراون، لەوانە بەغداد و بابل و موسەننا و دیوانیە و میسان، و دەست بەسەر ماددە هۆشبەرە جەراوجەرەکان و کەلوپەلی ماددە هۆشبەرەکاندا گیراوە، ئەوە جگە لە دەستبەسەردا گرتنی چەکی سوك، و ڕونیشیکردەوە: تەمەتباران بەپێی یاسا ڕەوانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراون.